https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ئیحسان نوری پاشا: بەشداری لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستانی ١٨٩٢-١٩٢٥

د. ئامانج احمد مستەفا

زانكۆی سۆران – فاكەڵتی ئاداب

Amanj. Mustafa@soran.edu. iq

پ. ی. صدیق محمد صدیق

زانكۆی سۆران – فاكەڵتی ئاداب

Sediq. mohammed@soran. edu. iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ژیاننامە و بەشداری یەکێک لە سەرکردەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان، ئەویش (ئیحسان نوری پاشایە، ١٨٩٢-١٩٧٦) کە توانی لە ماوەیەکی کەم چەندین چالاکیی سیاسی و سەربازی ئەنجامبدات و بەشداربێت لە دامەزراندن و بوونە ئەندامی زۆرێک لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی سەردەمی خۆی، ئەمە و سەرەڕای ئەوەی توانی چەند چالاکییەکی سەربازی بە ئەنجام بگەیەنێت بە نموونەی بزاڤی (بيت الشباب لە ساڵی ١٩٢٤) هەوڵەکانی بۆ بەشداریکردن لە شۆرشی شێخ سعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥، ئیحسان نوری یەکێک بووە لە ئەفسەرە چالاکەکان لە خزمەتکردن لە سوپای عوسمانی و دواتریش سوپای کەمالی، هەموو ئەو هەوڵانەشی لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد بوو، بەڵام دوای ئەوەی هیچ وڵاتێکی زلهێز پاڵ پشتیی نەکرد، ناچاربوو چەک دابنێت و پەنا بباتە بەر ئێران، وەک پەناهەندەیەکی سیاسی تاوەکو مردنی لەم وڵاتە بمێنێتەوە.

وشە کلیلییەکان/ ئیحسان نوری پاشا، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، بزاڤ، سەرهەڵدان.

## ئیحسان نوری پاشا: بەشداری لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستانی ١٨٩٢-١٩٢٥

## پێشەکی

زۆرن لەو سەرکردە کوردانەی کە توانیان لە ئەکادیمیای سەربازی لە ئەستەمبۆل پەرە بە خوێندنەکەیان بدەن و تیایدا دەربچن و خزمەت بە گەل و نەتەوەکەیان بکەن، لە ناویشیاندا ئیحسان نوری پاشا دەبیندرێت، کە لە ماوەیەکی کەمدا توانی خۆی لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نزیکبکاتەوە و ببێتە جێگەی متمانەیان، بە تایبەت دوای ئەوەی لەگەڵ مستەفا کەمال لە جەنگی ڕزگاری خوازی تورکی(١٩١٩-١٩٢٢) و کۆنگرەی سیواس(١٩١٩) بەشداربوو. سەرەڕای ئەوە لە چەندین جەنگ لەگەڵ سوپای عوسمانی بەشداریکردووە دواتریش بووەتە ئەندامی زۆرێک لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان. بەڵام دوای پاشگەزبوونەوەی ئەو بەڵێنانەی لە پەیمانی سیڤەر بە کورد درابوو، وای لە ئیحسان نوری پاشا کرد دەست بە بزاڤی بیت الشباب بکات، دژ بە دەسەڵاتدارانی تورک. لە بەرانبەر ئەو تێکۆشان و ماندووبوونەی دەمانەوێت بە شێوەیەکی بابەتیانە و ئەکادیمی و زانستی لەژێر ناونیشانی (ئیحسان نوری پاشا و بەشداری لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستانی ١٨٩٢-١٩٢٥) باسی لەبارەوە بکەین.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج باس پێکدێت، باسی یەکەم تایبەتە بە ڕەچەڵەک و ناساندنی ئیحسان نوری. باسی دووەم، باس لە خزمەتی سەربازیی ناوبراو دەکرێت لە سوپای عوسمانی. باسی سێیەم، بریتییە لە هەڵوێستی بەرانبەر بزووتنەوەی کەمالی. باسی چوارەمیش تایبەت کراوە بە پەیوەندیی ئیحسان نوری پاشا بە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان. باسی پێنجەم، هەڵوێستی ئیسان نوری ڕووندەکاتەوە بەرانبەر بزاڤی بیت

الشەباب و سەرهەڵدانی شێخ سەعید، بە سوودوەرگرتن لە زۆرک لە سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی، لەم توێژینەوەیەدا؛ پشت بە ڕێبازی شیکاری- مێژوویی و خستنەڕووی زانیارییەکان و ڕەخنەیی دەبەسترێت، لەگەڵ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی دەقە مێژووییەکان بە گوێرەی بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژوویيە ڕەسەنەکان. ئەم توێژینەوە زانستییەی پێ سازو ئامادە کراوە.

## باسی یەکەم/ ڕەچەڵەک و ناساندنی ئیحسان نوری

ئیحسان کوڕی فەرزندە نوری کوری عەلی قولیە لە ساڵی ١٨٩٢ لە کوردستان و لە شاری بەدلیس (محمود زادە، ٢٠١٣: ١٠-٢٠، و٢١١، www. Bitlisnama. com) لە گەڕەکی (گولی- قولی)[١] لە ماڵی خۆیاندا چاوی بە دونیا هەڵێناوە. ژیانی منداڵی هەر لەو گەڕەکە بەسەربردووە، شاری بەدلیس یەکێک بووە لە شارە بەناوبانگەکانی تورکیا، بەوە ناسراوە کەوا گەورەترین و بلیمەتترین پیاوانی مێژووی پێگەیاندووە لە سەدەی ١٦ بە نموونەی شەرەفخانی بەدلیسی کە خاوەنی کتێبی مێژووی شەرەفنامەیە، چەندانی تریش. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٣، عوسمان، ٢٠١٩: ١٥٥) ئیحسان نوری سەربە هۆزی حەسەسوری جیرانی کوردیە، باوکی یەکێک بووە لە کەسایەتییە ناسراو و بە ناوبانگەکانی شاری بەدلیس، بە ناسناوی پاشا بانگکراوە بۆیە کوڕەکەشی ئیحسان نوری وەکو پاشاکان پەروەردەکردووە (الزیباری، ١٩٩٨: ٧٤، باجلوری، ٢٠٠٧: ٤٩)

لەبارەی قۆناغەکانی خوێندنی ئیحسان نوری ئەگەر چاوێک بە خوێندنی ئەو سەردەمە بخشێنین دەبینین خوێندن بە گشتی لە ناوچە کور نشینەکان و لە بارودۆخێکی خراپدا بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی قوتابخانە لەم ناوچانەدا، تاکە شوێنیش بۆ خوێندن لای کوردەکان مزگەوت و خانەقا و شوێنە ئاینییەکان بوون (عەلیاوەی، ٢٠٠٤: ١٣٢- ١٣٣, ملا, ٢٠١٦: ٥٢-٥٣) بۆیە ئیحسان نوری خوێندنی سەرەتایی لە

مزگەوتی گوک مەیدان لە بەدلیس تەوا دەکات، دواتر لە قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەریدا خوێندوویەتی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی بە پلەی یەکەم لەم دوو شوێنە تەواو کردووە. (محمودزادە، ٢٠١٣:١٠-١١، ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٣، Bitlisnama) ئیحسان نوری لە ساڵی ١٩٠٧ چووەتە ئەرزنجان قۆناغی دواناوەندیی عەسکەری لە قوتابخانەی میری لەم شارەدا تەواوکردووە، لە ساڵی دواتر واتە ١٩٠٨ چۆتە ئەکادیمیای جەنگی لە ئەستەمبۆڵ، لە ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ قوتابیانی زانستگەی جەنگی لە ئەستەمبۆڵ دژی نەبوونی خزمەتگوزاری، بەشداری لە خۆپیشاندانێکدا دەکات. بەڵام تیایدا سەرکەوتن بەدەستناهێنن. بەمەش دوا قۆناغەکانی خوێندن لە هەردوو شاری ئەرزەنجان و ئەستەمبۆڵ تەواودەکات. (بەتلیسی، ١٩٩٣: ٤، شێرکۆ، ١٩٩١: ٩١) لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا و لە بەهاری ١٩١٠ بە پلەی ئەفسەری پلە دووی یەک ئەستێر (ستوانی دووەم)[٢] لە نێوان ٣٩٩ ئەفسەر پلەی ٢٧ەمینی بەدەستهێناوە، توانیویەتی ئەکادیمیای عەسکەری لە شاری ئەستەمبۆڵ تەواوبکات و وەک ڕێبەرێکی چەکداری ناودار ناوبانگی دەرکردووە، دوای چەند ساڵێک لە خزمەتی سەربازی پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ ملازمی یەکەم لە ساڵی ١٩١٢(Bitlisnama، کونتەر، ٢٠٠٩: ٨٨، بوتاني وثايق بريطانی، ٢٠٠٩: ١٢، توڤی، ٢٠١٧: ١٣)

هاشمی شیرازی لە وەسفی ئیحسان نوریدا دەڵێت: ئیحسان نوری پیاوێکی بەهێز، خۆڕاگر، ڕوکەش، تێگەیشتوو، خۆشەویست بووە، لە پێشهاتە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا لێزان و شارەزا بووە. (شیرازی، ١٣٨٠: ١٠٦) هیچ کات گلەیی لە کەس نەکردووە و بە خراپەش باسی نەکردوون، لە ڕاستیدا ئیحسان نوری کابرایەکی تاک و تەنیا بووە و ئەوەندە نەفسی بەرز بوو هەرگیز گازەندەی لە حاڵی خۆی نەکردووە و چاوەڕێی هیچ شتێکی لە کەس نەدەکرد (سەردەشتی، ٢٠٠٧: ٢٥٤). لە هەمان کاتدا محمود زادە دەڵێت: (ئیحسان نوری پاشا، بەژن و باڵایەکی زۆر ڕێکوپێک

و شان و ملێکی قیت و قۆزی ڕاگیراوی وەکو سەرباز و ئەفسەر و فەرماندە پایە بەرزەکان هەبووە، جارجارەش سمێڵە بچووکەکانی بۆسەرەوە بادەدا) (محمودزادە، ٢٠١٣: ٤٢)

یەشارخانی خێزانی ئیحسان نوری لە یاداشتەکانی باسی ئەوەدەکات لە کاتی هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر بەدلیس باوک و برا و خوشکەکانی دەچن بۆ ئەستەمبۆڵ و لەوێ دەژین، (نوری، ٢٠١٣: ٦٢) هەروەکو ئاشکرایە ئیحسان نوری لە نێوان سالآنی (١٩٢٠-١٩٢٣) وەک ئەفسەرێکی کورد لە ناو لەشکری نوێی تورکیادا کاری دەکرد، لەم ماوەیەشدا لە ناوچەکانی گورجستان و ئازەربایجان و سنووری ئەرمەنستان چەند ئەرکێکی پێ سپێردراوە. . . لە کاتی بوونی بە فەرماندەی لەشکری سنووری ئێران و تورکیا ئیحسان نوری ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ یەشار خانم پێکدەهێنێت. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٧) هەرچەندە بە سەرەتایەکی ناخۆش دەست بە ژیان دەکەن چونکە ئیحسان نوری کەسێکی سەرباز بووە بەڵام بەهۆی گواستنەوەی ئەرکەکەی بۆ بایەزید لە وێشەوە بۆ فارقین و سێرت دەبنە خاوەنی ماڵی خۆیان و تا ڕادەیەک هەست بە ئارامی دەکەن (تۆڤی یەشارخانم، ٢٠١٠: ٢٥، ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٧) بەم شێوەیە یەشارخانم کەمتر لە ساڵێک دوای شوکردنی بە ئیحسان نوری بەبێ هاوسەر مایەوە. بەهۆی بزاڤی بیت الشباب، (محمودزادە، ٢٠١٣: ٥٣) ئەم جیا بوونەوەیە تاکو ساڵی ١٩٢٨ بەردەوامی دەبێت، تا ئەو کاتەی دانوسان لە نێوان شاندی تورکی و ئیحسان نوری دەستپێدەکات. سەبارەت بە شۆرشی ئارارات، (نوری پاشا، ٢٠٠١: ٤٢) لەو کاتیشدا یەکێک لە بەشداربوان کە پێشوتر هاوڕێی ئیحسان نوری بوو داوایان لێدەکات خێزانەکەی بنێردرێت بۆ سوریا. (محمودزادە، ٢٠١٣: ٤٦) دوای چەند ساڵێک یەشارخانم دەگاتەوە لای ئیحسان نوری لە شۆرشی ئارارات بە جلوبەرگی پیاوانەی کوردییەوە شانبەشانی شۆرشگێران

جەنگاوە، هەندێک جاریش برینداەکانی تیمار دەکرد تاکو ساڵی ١٩٢٩ بریندار دەبێت. (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٢٤)

**باسی دووەم/ خزمەتی سەربازی ئیحسان نوری لە سوپای عوسمانی**

دوابەدوای تەواوکردنی کۆلێژی سەربازی لە ساڵی ١٩١٠ لە ئەستەمبۆڵ، (بەتلیسی، ١٩٩٣: ٤) ئیحسان نوری وەکو ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بەشداری لە چەندین جەنگدا کردووە، لە ئەلبانیا و وڵاتانی عەرەب بە تایبەت یەمەن و بۆ ماوەی ٣٣ مانگ لەم وڵاتە ماوەتەوە. (الويباري، ١٩٩٨: ٧٤) دوای داگیرکردنی تەرابلس (لیبیا) لەلایەن ئیتالییەکان لە ساڵی ١٩١١ دەوڵەتی عوسمانی بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال لەشکرێکی ناردە ناوچەکە، (نەوار-نەعنەعی، ٢٠١٢: ٤٨٠) هەرچەندە وەکو عەرەبەکان باسی لێوە دەکەن لەدەستدانی تەرابلس بەهۆی سیاسەتی ئیتیحادییەکانەوە بووە، چونکە ئەوان سێیەکی سوپایان کشاندبووەوە بۆ یەمەن بە مەبەستی دژایەتیکردنی ئیمام ئەحمەد ئیدریسی، لەو کاتەشدا ئیحسان نوری یەکێک بووە لەو ئەفسەرانەی لە سوپای عوسمانیدا خزمەتی دەکرد و گواسترایەوە یەمەن. (العزاوي، ٢٠١٧: ١٩٧)

لە ماوەی دوو ساڵ و نۆ مانگ مانەوە لە یەمەن ئیحسان نوری، (بەتلیسی، ١٩٩٣: ٥) یەکێک بووە لە بەشداربووانی پەیماننامەی (دعان) کەوا لە نێوان ئیمام یەحیا و دەسەڵاتدارانی عوسمانی مۆرکراوە، دوای ئەم ڕێککەوتننامەیە وڵاتی یەمەن زۆرترین سەقامگیریی سیاسی بە خۆیەوە بینیوە. (أباظة، ١٩٨٦: ٣٠١) ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی ئیحسان نوری وەکو هۆکارێکی سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر یەمەن، ئەنگوستیلەیەکی بە نرخی لەم وڵاتەدا کڕی و تاکو کۆتاییەکانی تەمەنی لە پەنجەیدا بووە، دوای گەڕانەوەشی لە یەمەن بووەتە یاریدەدەری هێزی

٩٣ نێردراوە بۆ (مەرزیکان/ مەرزیفون (بیضون)[٣]. (محمود زادە، ٢٠١٣: ٢٤٨، الزيباري، ١٩٩٨: ٧٤)

ئیحسان نوری لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەشی یەکەمی سوپای هەرێمی ڕۆم دابوو، کە ئەوکات لە دوو سوپا پێکدەهات بەشداربووە لە شەڕی نەرماندای (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٣) نێوان ڕووس و عوسمانییەکان لە ناوچەی قەوقاز، لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) ئیحسان نوری بریندار دەبێت. (الزيباري، ١٩٩٨: ٧٤) لە دواتردا بۆ پشکنین دەنێردرێتە ناوچەکانی ڕووسیا، پێش ئەوەی شاری ئەرزەرۆم بکەوێتە دەست ڕووسەکان بەهۆی سەرمای ناوچەکە هەردوو قاچەکانی توشی ئاوسان دەبن و بۆ چارەسەر خۆی دەگەیەنێتە شاری ئەرزنجان، لە کاتی بەرپابوونی جەنگی نێوان ڕووس و عوسمانییەکان ئیحسان نوری دەگوازرێتەوە بۆ لەشکری ٩ لە گورجستان، دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان لەم جەنگەدا وەکو سەرۆکی پاسەوانانی ئەم شارە دەستبەکاردەبێت. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٣, محمود زار، ٢٠١٣: ٢٠) هەر لەو قۆناغەدا و لە ساڵی ١٩١٩ ئیحسان نوری کە پلەی نەقیبی هەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی دەستدەکات بە یاخیبوون بە مەبەستی چاکسازیکردن لەناو سوپای عوسمانی. (پاشا، ١٩٨٥: ٢٦) ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ دژایەتیکردنی مستەفا کەمال بۆ حکومەتی ناوەندی و شەڕکردن لەگەڵ یۆنانییەکان لە ساڵی ١٩١٩. (محمود زار، ٢٠١٣: ٢٠)

ئیحسان نوری لەگەڵ ١٠ ئەفسەری چالاکی ئەستەمبوڵ ئەنجومەنێک پێکدەهێنێت و خۆشی سەرۆکایەتیی ئەم ئەنجومەنەی کرد، بە پێی بڕیاری ئەنجومەنەکە دەبێت لە ڕۆژێکی دیاریکراودا تەواوی فەرماندەکانی لەشکر و ئامیر لیواکان بگۆڕدرێن و لە شوێنیان ئەفسەرانی لاوە بە تواناکان دابندرێن. (شیرازی، ١٣٨٠: ١٠٩، ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٣) شایەنی باسە زۆربەی ئەفسەرانی فەوجەکانی تر ئەم بڕیارە جێبەجێ ناکەن بۆیە

ئیحسان نوری بەتەنیا ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات و فەرمانداری فەوج دەگرێتە دەست، نامەیەکیش بۆ فەرماندەی لەشکری ٣١ دەنووسێت و دەڵێت: (من ئەم کارەم کرد، ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئێمەدان ئەوا ملکەچتان دەبین و ئەگەر لەگەڵ ئێمەشدانین، ئەوا بە فەرماندەی لەشکرتان دانانێین). (محمود زادە، ٢٠١٣: ٢١) دوای چەند ڕۆژێک فەرماندەی لەشکر نامەیەک بۆ ئیحسان نوری دەنێرێت و پێی ڕادەگەیەنێت کەوا بچێت بۆ لای ئەگەر وەکو فەرماندەی لەشکر هەژماری بکات ئەگەرنا داوای لێکرد بچێت بۆلای (فەرماندەی سوپا) ئیحسان نوری بۆ ئەوەی وەکو کەسێکی بێهێز بەدیارنەکەوێت لەگەڵ سەربازێک بڕیاری چوون بۆ لای فەرماندەی لەشکر دەدات. لەو کاتەشدا نورەدین بەگ بەرپرسی هێزی پیادەی ناوچەکە بووە ئاگاداری دەکاتەوە لە کارەکەی کە بەنیازە ئەنجامیبدا، ئەویش لەلای خۆیەوە ئامادەیی و یارمەتیدانی خۆی بۆ ئیحسان نوری دەردەبڕێت، لەکاتی چوونی بۆلای فەرمانداری لەشکر ئیحسان نوری چاوی بە یاریدەدەری فەرماندەی لەشکر دەکەوێت و پێی دەڵێت: (بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ گەر نازانی تۆ تاوانباریت، ئەگەر دەستگیرت بکەن لە دارت دەدەن؟ ئیحسان نوری لە وەڵامدا وتی ئەزانم چیمکردووە و بۆ چیش بانگ کراوم ئەگەر خۆت و فەرماندەکەت قسەیەکی هەڵەتان لە دەم بێتەدەرەوە ئەوا فرماندەکەم بە لە ناوبردنتان، جا بڕۆ بە فەرماندەکەت بڵێ: ئیحسان نوری فەرماندەی هێزی ٩١ هاتووە، دوای ماوەیەک فەرماندەی لەشکر لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە و دەڕوات، بەمەش ئیحسان نوری بۆی دەرکەوت کەوا پلانەکەی سەری گرتووە و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە شۆرش دەترسن. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٤)

دوای ئەوەی هەواڵی ئەم ڕووداوە دەگەیەندرێتە وەزارەتی بەرگری، گشت فەرماندەکانی لەشکر بانگ دەکرێن، لەکاتی تەلەفونکردن بۆ گاردی پاراستنی وەزارەت ئیحسان نوری وەڵام دەداتەوە و خۆی وەکو سەرلەشکر دەناسێنێت. داوای لێدەکرێت لە کۆبوونەوەدا ئامادە بێت. بۆ

ڕۆژی دواتر ئیحسان نوری چەند ئەفسەرێک لەگەڵ خۆی دەبات زۆربەیان ملازمی یەک ئەستێر و دوو ئەستێر بوون. بەڵام ئیحسان نوری ئەوکات پلەی نەقیبی هەبوو. لەکاتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ وەزیر پرسیاری ئەوەی لێکرا کە چ هۆکاریک هانیداوە ئەم یاخیبوونە ڕێکبخات؟ لە وەڵامدا ئیحسان نوری دەڵێت: (کاتێک داوای چارەسەری گرفتەکانمان بە ئێوە ڕاگەیان هیچ وەڵامێکمان نەدرایەوە بۆیە ئەم کارەمان کرد) (سەردەشتی، ٢٠٠٤: ١٦٥-١٧٧ لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی ئیحسان نوری وەزیری بەرگری هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو تەنیا پشتگوێخستنی بڕیارەکان نەبێت، بۆیە ئەم یاخیبوونەش بەردەوام دەبێت تاکو ڕووخانی حکومەتەکەی فەرید پاشا. (محمود زادە، ٢٠١٣: ٢٤)

**باسی سێیەم/ هەڵوێستی ئیحسان نوری بەرانبەر بزوتنەوەی کەمالی**

دوای ئەوەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی تورکی بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە شاری ئەرزەرۆم سەریهەڵدا ئیحسان نوری زۆر بە دڵ سۆزییەوە پشتگیری لێکرد، (نوری پاشا، ٢٠٠١: ٢٨) ئەمەش لە کاتێکدا بوو کەوا مستەفا کەمال توانی زۆرێک لە هۆزە کوردییەکانی باکووری کوردستانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە وتارێکدا بە ناوی یەکێتیی دین و یەکێتیی وڵات کورد و تورکی کردنە برای یەکتر. ئەم هەڵوێستە ئیجابییەی مستەفا کەمال وێڕای سەرکردی هۆزەکان هەڵوێستی سەرکردە سوپاییەکانی کوردیش بەرانبەر بزوتنەوەی مستەفا کەمال هەڵوێستێکی لایەنگری بوو. ئیحسان نوری ئەوکات یەکێک بووە لە نوێنەرانی حامیەی ئەستەمبوڵ لەگەڵ پۆلێک ئەفسەر بۆ پشتوانیی مستەفا کەمال هانی سوپایاندا تاکو لە حکومەتی فەرید پاشا یاخی ببن. (حلمی، ٢٠٢٠: ١٩٤-١٩٥، ناوخۆش، ١٩٩٨: ١٧-١٨) بەمەش ئیحسان نوری ناوی وەک سەرکردەیەکی سەربازی لە میانی بەشداریکردنی لە جەنگی سەربەخۆی تورکی درەوشایەوە. (سەیفەدین،

٢٠١٠: ٢٩٠) لە ژێر ئاڵای مستەفا کەمال بەشداری شەڕی سەربەخۆی تورکیای کردووە. لە ساڵی ١٩٢٠ ئیحسان نوری لە ئەستەمبۆل دەزانێت مەترسی لەسەر ژیانی دروستدەبێت، بۆیە دەیەوێت خۆی لەم مەترسییە ڕزگاربکات و داوای مۆڵەتی گەشتێک دەکات لە دەسەڵاتدارانی تورکیا و دەچێت بۆ باکووری کوردستان (دیشنەر، ٢٠٠٤: ١٠٥) لەو کاتەشدا سەرۆکی ئەرکانی سوپا بانگهێشتی ئیحسان نوری دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت کە (ئینگلیزەکان دەیانەوێت دەست بەسەر ئەستەمبۆڵ دابگرن و لەوانەیە تۆش یەکێک بیت لە دەستگیرکراوەکان و دوورت بخەنەوە) بۆیە ئیحسان نوری داوای مۆڵەت دەکات بە مەبەستی ئەنجامدانی گەشتێک و گەڕانەوەی بۆ شاری بەدلیس، بەڵام دوای تەنها دوو ڕۆژ فەرماندەی لەشکر (کەمالەدین سامی)[٤] بانگی ئیحسان نوری دەکات و پێی دەڵێت کەوا لەلایەن فەرماندەی سوپا هەواڵیان لێتداوە بەوەی تۆ (ئیحیسان نوری) لەلایەن (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) داواکراوی بە مەبەستی پەرەپێدان بەم کۆمەڵەیە. بەڵام هەرچۆنێک بێت فەرماندەی سوپا (یەعقوب شەوقی) بە مەرجی ئەوەی کە ئیحسان نوری یارمەتیی ئەم کۆمەڵەیە نەدات، ڕازیدەبێت بە مۆڵەت پێدانی و چوونی بۆ بەدلیس. ئەم ناڕازیبوونەی فەرماندەی سوپا لەبەر ئەوەبووە کە ئیحسان نوری وتارێکی لە گوڤاری (ژین)[٥] نووسیوە لە هەمان کاتدا ئەم ڕۆژنامەیە زۆر هێرشی کردۆتە سەر مستەفا کەمال و هێزە میللییەکان، لە بەرانبەردا ئیحسان نوری هەوڵی ناوبژیوانی دەدات لە نێوان بەڕێوبەرانی گۆڤارەکە و دەسەڵاتدارانی تورک ئەویش لەڕێی نووسینی وتارێک و بردنی بۆلای هەریەک لە (کەمال فەوزی و مەمدوح سلیم) ئەوکات ئەمانە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بوون. بەڵام وتارەکە بڵاونەکرایەوە چونکە بەڕێوبەرانی گۆڤار ئەم وتارەیان بە پێچەوانەی سیاسەتی گۆڤارەکە لەقەلەمدا، بەمەش ئیحسان نوری نائومێدیی خۆی دەردەبێت لە نزیکبوونەوەی سەرانی کورد و تورک. (محمود زادە، ٢٠١٣: ٢٤-٢٥)

مستەفا کەمال بۆ بدەستهێنانی پشتوانی لە هاوینی ١٩١٩ چەند نامەیەکی بۆ سەرۆک هۆزەکان و سەرکردە سیاسییە کوردەکان نارد تاکو پشتگیری لە کۆنگرەی (ئەرزەرۆم) بکەن لەم هەوڵەشیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. (دوستی، ٢٠١١: ٦٤-٦٥) ئەم کۆنگرەیەش دەروازەیەکی فراوانتری لە بەردەم مستەفا کەمال کردەوە بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی فراوانتر لە (سیواس) ببەستن و ژمارەیەک کورد تیایدا بەشداربوون. (عوسمان، بێ ساڵی چاپ: ١٠٦) ئیحسان نوری وەک کوردێک و ئەفسەرێک لە سوپای عوسمانی لەم کۆنگرەیە بەشداربووە. (سەیفەدین، ٢٠١٠: ٢٩، الزيباري، ١٩٩٨: ٧٤) ئەو گەرموگوڕییەی ئیحسان نوری لە بەشداری لە کۆنگرەی سیواس و بزوتنەوەی کەمالی و تەنانەت چالاکییە نەتەوەییەکانی بە گشتی بوونە مایەی نیگەرانیی دەسەڵاتدارانی تورکیا تەنانەت بووە جێگای گومانی سەرکردە سەربازییەکانیش، ئەمەش لەوکاتانەدا بەدیاردەکەوێت کە سەرۆکی ئەرکانی سوپا ڕازینەبوو بە گەڕانەوەی ئیحسان نوری بۆ بەدلیس لەکاتی ئەنجامدانی چالاکیی ڕێکخراوەیی، هەربۆیە پێشنیازی ئەوە بۆ ئیحسان نوری دەکرێت بچێت بۆ باکۆ بە بیانوی ئەوەی ئینگلیزەکان دەستگیری دەکەن، بەمەش ئیحسان نوری ئەستەمبۆڵ بەجێدەهێڵێت. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٥-١٥٦)

دوای جێهێشتنی ئەستەمبۆڵ ئیحسان نوری لەگەڵ دوو ئەفسەر بەرەو شاری (سامسۆن) بەڕێکەوتن، لەوێوە هەواڵی ئەوەیان بیست کە ئینگلیزەکان ژمارەیەک سەرکردەیان دەستگیرکردووە و گواستویانەتەوە بۆ دوورگەی ماڵتا، لە کاتی گەیشتنی ئیحسان نوری بە شاری تەرابزۆن پەیوەندی بە سوپای ٩ی تورکییەوە دەکات. ڕاستەوخۆ فرمان بە ئیحسان نوری دەکرێت بچێت بۆ باکۆ، هۆکاری ناردنی ئیحسان نوری بۆ ئەم شارە پەیوەندیکردنی بوو بە سوپای ڕووسەکان بۆ ئەوەی یارمەتی هێزە میللییەکانی تورک بدەن. لەوکاتدا سوپای سوور لە سنوورەکانی داغستان بوو، ئیحسان نوری سەرکەوتووبوو لە پەیوەندیکردن بە کۆمیتەی

سووری قەوقاز، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە ئەفسەرەکانیانەوە. ئەوکاتەی سوپای سوور بەنیازبوون بێن بۆ باکۆ، ئیحسان نوری لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی تورکیا لە ناوچەکە فرمانی پێدەکرێت ڕێگای ئاسنینی باکۆ داگیربکات و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو دەبێت. (نوری، ٢٠١٣: ٦٧، محمود زادە، ٢٠١٣: ٢٦)

لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی ڕێگای ئاسنینی باکۆ کە بەرەو تفلیس دەچوو، لە ساڵی ١٩٢٠ ئیحسان نوری توانی دەست بەسەر ئەو شەمەندەفەرەدا بگرێت کە وەزیرەکان و دەستەی دارایی ئینگلیزەکانی تیادا بوون، لەلای خۆیەوە ئیحسان نوری ئینگلیزەکان دەستبەسەر دەکات و ڕێگەش بە وەزیرە ئازەربایجانییەکان دەدات بڕۆن، دواتر ئیحسان نوری ناوچەکە ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا دەکات. کاتێک ئیحسان نوری بۆی دەرکەوت کە هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان چۆنە بەرانبەر خەڵک و هێزە میللییەکان، لە پلانەکانی مستەفا کەمالیش گەیشت، ڕاستەوخۆ داوای گەڕانەوە بۆ تورکیا دەکات. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٦) دوای ئەوەی ماوە بە گەڕاندنەوەی ئیحسان نوری و هاوڕێکانی بۆ تورکیا نەدرا، بۆیە بە ناچاری بڕیاری ڕاکردنیاندا لە ڕێگەی ئێرانەوە دا، لە ئەنجامدا تووشی زۆر ئاستەنگ بوونەوە، هەرچۆنێک بێت دوای ناخۆشییەکی زۆر گەیشتنەوە تورکیا، ئیحسان نوری دووبارە پەیوەندی دەکاتەوە بە سوپای ٩ و دەکرێت بە ئامیر فەوجی ١ لە لیوای ١٢، بۆ ماوەیەک لەم لیوایەدا خزمەتدەکات (الزيباري، ١٩٩٨: ٧٤) بوونی ئیحسان نوری بە ئامیر فەوجی ١ لە لیوای١٢، هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بەشداربێت لە (جەنگی سەربەخۆیی تورکیا لەگەڵ یۆنانییەکان) لە ساڵی ١٩١٩، لەم جەنگەدا ئیحسان نوری کارامەیی و لێهاتوویی خۆی نیشانداوە. (باجلوری، ٢٠٠٧: ٤٩)

ئیحسان نوری لەوکاتەی بەشداری لە شەڕی ئەرمەنەکان دەکات بریندار دەبێت، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدات بۆ بەرژەوەندیی کوردستان لەگەڵ ئەفسەرە یاخیبووەکان ڕێکخستنێک دروستبکات. بەڵام هەرزوو پلانەکەی ئاشکرا دەبێت و لە لایەن کازم پاشاوە دەگوازرێتەوە بۆ فەوجی١٤ لای خالید بەگ، هەر لەوکاتەدا لە لایەن فەرماندەی فەوجی ١٤ بەڕێدەکرێت بەرەو شیردەت ئەوکات ناوچەکە لەژێر دەستی گورجییەکاندا بوو. (محمودزادە، ٢٠١٣: ٢٧) لە دوای گەیشتنی ئیحسان نوری بە (شیردەت) چاوی بە فەرماندە گورجییەکان دەکەوێت بەر لە دوو ڕۆژ ناوچەکە بەپێی ڕێکەوتنێک لە نێوان هەردوولا بەر گورجییەکان کەوتبوو. بەڵام ئیحسان نوری بەم ڕێکەوتنە ڕازی نابێت لەگەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچەکە بەردەوامی بە کارەکانیان دەدەن. ئیحسان نوری ناوچەکە لە دەستی گورجییەکان دەپارێزێت. (محمودزادە، ٢٠١٣: ٢٧-٢٨)

دوای تەواوبوونی ئەرکەکەی لە شیردەت ئیحسان نوری بە فەرمانی خالید بەگ هێزەکانی دەگوازێتەوە ئەسکەندەر پول، ئەمەش بە مەبەستی وەرگرتنەوەی سنوورەکانی گورجستان بە تەواوەتی. چونکە بەپێی ڕێککەوتنی پێشوو لە نێوان تورکیا و گورجییەکان ئەم ناوچانە درابوون بە ئەوان، بە سەرکەوتنی ئیحسان نوری دوای ئەم ڕووداوانە هێزەکەی گوازرایەوە بۆ ناو لەشکری ١٢. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٧) هەموو ئەو بارودۆخانە ئیحسان نورییان ساردنەکردووە لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی. بە تایبەتیش دوای ئەوەی لە بایەزید بوو بە فەرماندەی لەشکر، دەستی کرد بە نۆژەنکردنەوەی ڕێگای ئاسنینی نێوان بایەزید (قەرە کۆسە) کە لە لایەن ڕووسەکانەوە لە جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکرابوو، کە لە ڕووی سەربازییەوە ڕێگایەکی گرینگ بوو. (نوری، ٢٠١٣: ٦٠) لە ئەنجامی ئەم کارەیدا ئیحسان نوری دەکرێتە بەرپرسی سنووری نێوان تورکیا و ئێران. (محمودزادە، ٢٠١٣: ٢٨) هەر لەم ناوچەیە ئیحسان نوری لە ڕووی سەربازییەوە شارەزاییەکی باش

پەیدادەکات بە تایبەتی دوای ئەوەی چەند کتێبیک لەسەر سروشتی ناوچەکە دەخوێنێتەوە. (الزيباری، ١٩٩٨: ٧٤)

لە سەروبەندی سەرهەڵدانی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە سنووری تورکیا و عێراق. ئیحسان نوری لەم ماوەیەدا بە سەرۆکی فەرماندی فارقین هەڵدەبژێردرێت. و لە هەمانکاتدا جێگری فەرماندەکەشی دەکەوێتە ئەستۆ. بەڵام ئیحسان نوری لەم ناوچەیەش زۆر نامێنێتەوە و دەگواسترێتەوە بۆ فەرماندەی لەشکری٢ لە (سێرت) بەشداردەبێت لە چەندین چالاکیی ڕێکخراوەیی سەرەڕای ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بوو لە ناوچەکە. (محمودزادە، ٢٠١٣: ٢٩، نوری، ٢٠١٣: ٦٣)

ئیحسان نوری لەم ماوەیەدا توانی لە زۆرێک لە وڵاتان خزمەت بە تورکیا بکات، کە بووە جێگەی متمانەی مستەفا کەمال، بەڵام دواتریش بەهۆی هەڵوێستەکانی مستەفا کەمال بەرانبەر کورد لە دەسەڵاتەکەی هەڵدەگەڕێتەوە.

## باسی چوارەم/ پەیوەندی بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٢- ١٩٢٥

دروستبوونی هەر کۆمەڵە و ڕێکخراوێک لە مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەک نیشانەی بایەخداری و دروستبوونی بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری، کۆمەڵانی ڕۆناکبیرییە، بۆیەش دەبینین دووژمنان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی بەکرێگیراوان شکست بە نەخشە و پلانە نهێنییەکانی ئەم ڕێکخراوانە بهێنن، (عبدالله، ٢٠٠٨: ٥) بە دیارکەوتنی ئەو پۆلە ڕوناکبیرە کوردییەی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، هۆکارێک بوون بۆئەوەی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە خزمەت بە نەتەوەکەیان بکەن و لە ڕووی سیاسیشەوە تێبکۆشن بۆ دامەزراندنی چەندین ڕێکخراو و کومەڵە

که به هۆیانەوە پۆلێک لە لاوانی کورد لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و بە بیری نەتەوایەتی گۆشیان بکەن. (کریم,٢٠١٣: ٢٥)

دەتوانین بڵێین زۆرێک لە پێشەوایانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد بایەخیان بە دامەزراندن و بوونە ئەندام لەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە بە نهێنی و ئاشکرا داوە، (عبدالله، ٢٠٠٨: ٦) بە نموونەی ئیحسان نوری، هەرچەندە خۆی ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە دامەزراندنیان نەبووە بەڵام وەکو ئەندام و یارمەتیدەری زۆرێکیان وەک هێڤی، تەعالی کوردستان (مالمیسانژ، ٢٠٠٨: ٢٠٠٨، گوێڵداش، ٢٠١١: ٦٥) ئازادی، خۆیبون (برونەسن، ٢٠٠٣: ٢٨٩، شریف، ٢٠١٣: ٦٦) کاری کردووە، ئیمەش بە گوێرەی ڕۆڵیان لەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە و بە پێی کات و ماوەی خزمەتیان دابەشیان دەکەین و باسیان لە بارەوە دەکەین.

## یەکەم/ کۆمەڵەی هێڤی ١٩١٢

سەرەتای دروستبوونی ئەم کۆمەڵەیە و ساڵی دامەزراندنی بیروڕای جیاوازی لە بارەوە هەیە، بەڵام هەندێک بیروبۆچوونیش لێکنزیکن و ساڵێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکەن بۆ دروستبوونی، (کریم، ٢٠١٣: ٣٠). قەدری جەمیل پاشا کە خۆی یەکێک بووە لە دامەزرێنەران دەڵێت: (لەو ساڵەی چوومە پەیمانگای کشتوکاڵی لە ساڵی ١٩١١ لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەردەوام باسی مەسەلە نەتەوەییەکانمان دەکرد، و (خلیل خەیالی بەگ) یەکێک بوو لە بەرپرسانی ژمێریاریی پەیمانگا دەیپاراستین و پشتوانی لێ دەکردین، زانیاریی ئێمەشی لە مەسەلە نەتەوەییەکان برەو پێدەدا، لەو ماوەیەدا من و هاوڕێکانم (عمر جمیل پاشا، فوئاد خەسو، جەراح زادە زەکی) توانیمان پەیڕەوی ناوەخۆی کۆمەڵەی هێڤی بنووسین لە ١٩١٢/٨/٩ مۆڵەتی فەرمیمان لە حکومەت وەرگرت و ئەم کۆمەڵەیەمان دامەزراند. (جمیل پاشا، ٢٠٠٧: ٣٧) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە

سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی نافەرمی لە ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە. (کریم,٢٠١٣: ٣٠)

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕۆڵی ئیحسان نوری پاشایە لەم کۆمەڵەیەدا، ئەمەش لەوکاتەدا بەدیاردەکەویت کە ژمارەیەک لە ئەندامانی هێڤی لە سەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە مەبەستی بەشداربوون لە جەنگ گەڕانەوە بۆ ناوەوەی وڵات. (مالمیسانژ، ٢٠٠٨: ٨٨) یەکێک لەوانە ئیحسان نوری بوو کە بۆ ماوەیەک بە ئەرکێکی سەربازی نێردرابوو بۆ یەمەن لە ساڵی ١٩١١، (بەتلیسی، ١٩٩٣: ٤) ئەمەش بۆچوونی ڕۆبەرت ئۆلسن پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: (ئیحسان نوری لە ساڵی ١٩٠٨ یەکێک بووە لە ئەندامانی کۆمەڵەی هێڤی) لە هەمان کاتدا بوونی ئەم کۆمەڵەیە دەسەلمێنێت لەم ساڵەدا. (ئۆلسن، ١٩٩٩: ٧٨) کەواتە ئەگەر کۆمەڵەکەش بە شێوەی نهێنی دامەزرابێت. ئیحسان نوری بەر لەوەی بچێت بۆ یەمەن ئەندامی کۆمەڵەی هێڤی بووە.

**دووەم/ کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ١٩١٨**

زۆرێک لە مێژوونووسان لە نێویشیاندا ئیسماعیل گوێڵداش کە نووسەرێکی تورکە سەرەتای دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ (١٧ کانونی یەکەمی ١٩١٨) ئەمەش لەو ساڵەدا بووە کە کوردەکان هەوڵیاندا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و دەربازبوون لەو مەینەتیانەی چەشتبوویان لە ژێر دەسەڵاتی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی. (گوێڵداش، ٢٠٠١: ١٠، ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٢١، هروری، ٢٠٠٤: ٧٨) بارەگای سەرەکیی کۆمەڵەکەش لە گەڕەکی چەغال ئۆغلوی ئەستەمبۆڵ نزیک تەلاری ئیجتیهاد و عبدالله جەودەت خاوەنی بووە، لە شارە کوردەکانیش بارەگای تایبەت بەخۆیان هەبوو. (نێروەی، ٢٠٢٠: ١٥٠، عەنتەر، ٢٠٢١: ٩٩) یەکێکە لەو کۆمەڵانەی خاوەن ئاڵای تایبەتی خۆی بووە لە هەرسێ ڕەنگی سپی و سەوز و زەرد پێکهاتبوو. (مالمیسانژ پێگەی کەمال فەوزی، ٢٠٠٧:

٢٠٣-٢٠٦) دەستەی دامەزرێنەرانیشی پێکهاتبوون لە (شێخ عبدالقادر نهری–سەرۆک، ئەمین عالی بەدرخان جێگری سەرۆک...) (یامولکی، ١٩٩٩: ٦٧) ئەم کۆمەڵەیە ئامانجی سیاسی دیاریکراوی هەبووە، بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەوڵیداوە، ئەمەش لە تەلەگرافێکی سەرۆکی نوێنەرانی بەریتانیا لە ئەستەمبۆڵ بەدیاردەکەوێت کەوا شێخ عبدالقادر بە ناوی (کۆمەڵەی کوردان)[٦] پێشنیاری بۆ کردبوو کە پێویستە سەربەخۆیی بدرێ بە کوردستان و کورد لە دەست تورکەکان ڕزگاربکرێت. (گیسارۆڤ، ٢٠٠١: ٢٦-٢٧) بەمەش ئەم کۆمەڵەیە نوێنەری داخوازییەکانی گەلی کورد بووە لە تورکیا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان. (اکویف، ١٣٨٦: ١٠٧)

هەرچی تایبەتە بە ئەندامبوون و کار و چالاکییەکانی ئیحسان نوری لەم کۆمەڵەیەدا ئەوا ئیسماعیل گوێڵداش لە کتێبێکەی جەمعیە تەعالی کوردستان لە کۆی ١٦٥ ئەندامی کارای ئەم کۆمەڵەیە، ناوی ئیحسان نوری لە ڕیزبەندی ٣٧ هەمین ئەندام هێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئیحسان نوری یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم کۆمەڵەیە، (گێڵداش، ٢٠١١:٦٥-٧٣) لە لایەکی تریش نووسەری کتێبی (کوردستان و سەرکردە و دەسەلات و شۆرشەکانی) ئیحسان نوری بە یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەستنیشاندەکات. لە هەمان کاتدا بە کەسێکی سەربازی و سەرۆکی سوپای دادەنێت بۆ سەرهەڵدانی ٢١ئاداری ١٩٢٥ی شێخ سعید، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە ئیحسان نوری بەهۆی ئەرکە سەربازییەکەی لە سوپای عوسمانی کە ئەوکات لە دەرەوەی ئەستەمبۆڵ بووە نەیتوانیوە وەکو پێویست بەشداربێت لە چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە. (سەنگاوری، ٢٠١٤: ٢٦١-٢٦٢)

ئیحسان نوری لە دوای ڕاوەستانی شەڕی نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٩ پەیوەندی بە کۆمەڵی تەعالی کوردستانەوە دەکات، (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٣) دواتریش لە ژمارە ١٥ی گۆڤاری ژین کە زمان حالی کۆمەڵەکە بوو، وتارێک لە ژێر ناونیشانی (ویلسن پرنسیسی و کورد لر) بە زمانی تورکی عوسمانی بڵاودەکاتەوە، بە پشتبەستن بەم خاڵانەی ویلسن، ئیحسان نوری داوای مافەکانی گەلی کورد لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات. (ئیحسان نوری، ١٩١٩: ٣-٥) لە لایەکی تریش ئیحسان نوری هەوڵیداوە لێکنزیککردنەوە دروستبکات لە نێوان سەرانی ئەم کۆمەڵەیە و مستەفا کەمال ئەتاتورک، چونکە بەڕێوبەرانی گۆڤاری ژین لە نووسیەنەکانیاندا بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر مستەفا کەمال و ڕەخنەیان لێ دەگرت. ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕێگە لە ئیحسان نوری بگرن یارمەتی ئەم کۆمەڵەیە بدات و بگەڕێتەوە بەدلیس. بۆیە ئیحسان نوری لە ڕێگەی نووسینی وتارێکەوە هەوڵی لێکنزیککردنەوەی هەردوولا دەدات، بەڵام لەلایەن بەڕێوبەرانی گۆڤارەکە وتارەکەی ڕەتدەکرێتەوە بەهۆی ئەوەی کە وتارەکەی ئیحسان نوری جۆرێک لە لایەنگیریی حکومەتی تورکیای تێدایە و پێچەوانەی پرەنسیپەکانی گۆڤارەکە و کۆمەڵەی تەعالییە. (محمودزادە، ٢٠١٣: ٢٥) دەکرێت بوترێت بەهۆی ئەم هەڵوێستەی بەڕێوبەرانی گۆڤاری ژینەوە بووبێت، کەوا دواتر ئیحسان نوری پەیوەندی بە کۆمەڵەی ئازادییەوە دەکات. چونکە لە ساڵی ١٩٢٠ ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەی بەدرخان و شەمزینان دروستدەبێت و ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵەکە و خەونی سەربەخۆیی کوردستان لەناوچوو. (هەورامی، ٢٠٠٦: ٣٦١) ئەم کۆمەڵەیەش لە دواتر بەهۆی ململانێی نێوخۆیی بە تایبەتیش لە نێوان سەرۆک و سکرتێری کۆمەڵە کۆتایی بە کار و چالاکییەکانی هات و نەیتوانی ئامانجی کوردان بۆ سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت.

## سێیەم/ کۆمەڵەی ئازادی ١٩٢٣

دوای هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، بەهۆی دوبەرەکی لە نێوان دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە، تاڕادەیەک سەرکردەکانی ئەو کاتەی کورد نەپرژانە سەر ئەوەی کەوا کارێکی ئەوتۆ بکرێت و سوود لەو دەرفەتە وەربگیرێت کە بۆ کورد هاتبووە پێش بە تایبەتیش. لەکاتی سەرکەوتنەکانی مستەفا کەمال چونکە لە ماوەکانی پێشوو بەڵێنی زۆری بە کوردەکان دابوو، بەڵام پاش ئەم سەرکەوتنانەی مستەفا کەمال زۆرێک لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان کۆتاییان بە جموجۆڵە سیاسییەکانی خۆیان هێنا، چونکە ناوبراو دژایەتی دەکردن. هەندێک لە سەرکردەکانیشیان بەهۆی ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ هاوپەیمانلندا هەبووە و مەترسییان لەسەر ژیانیان هەبوو لەدەرەوەی ئەستەمبۆڵ دەژیان. (هاوار، ٢٠٠٦: ٢٨١)

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باس لەم کۆمەڵەیە دەکەن ناوی جۆراوجۆری بۆ دادەنێن وەک (جڤاتا ئازادی کورد –جڤاتا خۆسەریا کورد...)(ئۆلسن، ١٩٩٩: ٧٠) سەرەڕای بیروڕای جیاواز دەربارەی ناوی کۆمەڵەکە لەهەمان کاتدا مشتومڕی بەردەوامیش دەربارەی ساڵی دامەزراندنی هەیە، ڕۆبەرت ئۆلسن بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی دەزگای زانیاریی بەریتانی لەسەر زاری ئەو چوار ئەفسەرە هەڵاتوەی دوای بزاڤی بیت الشباب، کە یەکێکیان ئیحسان نوری بووە، دەڵێت: (ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٢١ دامەزراوە)(ئۆلسن، ١٩٩٩: ٧١) بەدەر لەگشت ڕێکخراوە سیاسییەکانی پێش خۆی ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک ئەفسەری گەنج و خوێنگەرمی کورد لەناو سوپای عوسمانی بە شێوەیەکی زۆر نهێنی دروستبووە. (عبدالرحمن,٢٠٠٤: ٧٥) دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بریتیبوون لە (خالید بەگی جیرانلی، ئیحسان نوری بەدلیسی، یوسف زیا بەگ، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ڕاسم شکاک، خورشید ڕشید

وانلی) (عبدالرحمن,٢٠٠٤: ٧٥) ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادی لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیحسان نوری لە بواری سەربازی خاوەنی ئەزموونێکی زۆربووە، (شکاک، ٢٠١٣: ١٧٦) چونکە ئەوکات ناوبراو یەکێک بووە لە بەرپرسانی سوپای تورکیا لە سێرت. (نوری، ٢٠١٣: ٦٣) لە دواتریش ئیحسان نوری دەبێتە سەرۆکی لقی ئەم کۆمەڵەیە لەم شارە (ئۆلسن، ١٩٩٩: ٢٧٢)

ئیحسان نوری لەگەڵ چوار ئەفسەری تری هاوڕێی ئەم کۆمەڵەیان بە شێوەیەکی نهێنی بەڕێوەدەبرد. (حسرەتیان، ٢٠٠٦: ٩) لە کاتێکدا کاروباری هەریەک لە شانەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵەوە زۆر بەنهێنی ئەنجامدەدرا، تەنها ئیحسان نوری بۆی هەبوو پەیوەندی بە سەرۆکی لقەکانی ترەوەبکات، ئەندامەکانی هەرلقێکیش ئەندامی لقی تری نەدەناسی. ئەمەش بە مەبەستی مانەوەی چالاکییە سیاسییەکانیان بە نهێنی و ئاشکرا نەبوونیان. (ئاشنا، ٢٠٠٣: ٧٧) لە کاتی وەرگرتنی سەرۆکایەتیی لقی کۆمەڵەی ئازادی لە سێرت ئیحسان نوری پلەی نەقیبی هەبوو، یەکێک بووە لە ئەفسەرە پلە باڵاکانی فەوجی ١٨ی لەشکری ٢ سوپای ٧ ی تورک (ئۆلسن، ١٩٩٩: ٧٣) هاوڕێیانی ئیحسان نوری لە شارەکانی تر کە بەرپرسی لقەکانی کۆمەڵەی ئازادی بوون پەیوەندییەکی بەتینیان هەبووە. کەواتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵەی ئازادی یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی کورد بووە کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و تۆکمە هاتەکایەوە و تێکۆشاون بۆ ئامانجە باڵاکانی کورد و لە ماوەیەکی کەم ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەریان لە دەوری خۆی کۆکردەوە. (عبدالرحمن، ٢٠٠٤: ٧٧)

ئیحسان نوری دوای وەرگرتنی سەرۆکایەتیی ئەم کۆمەڵەیە، بە بیروبۆچوونێکی فراوانتر دەکەوێتە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان و لەم ڕووەشەوە دەستدەکات بە بزاڤی بیت الشباب لە ساڵی ١٩٢٤.

## باسی پێنجەم/ هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان (١٩٢٤-١٩٢٥)

### یەکەم/ بزاڤی بیت الشباب لەساڵی ١٩٢٤، ئاوارەبوونی ئیحسان نوری.

دوای ئەوەی کەمالییەکان (سەرکردەکانی کۆماری تورکیا) نکۆڵییان لە مافە نەتەوەییەکانی کورد کرد و پابەندنەبوون بەو بەڵێنانەی کە بە سەرکردەکانی کوردیان دابوو لە بەرانبەر هاوکاریکردن و ئازادکردنی تورکیا، بە تایبەتیش لە پەیماننامەی (سیڤەر ١٩٢٠) لە دواترش گۆڕینی ئەم پەیماننامەیە بە پەیمانی (لۆزان ١٩٢٣) کە بوونە هۆی کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکانی هەردوولا لە ساڵی ١٩٢٣. دوای پیادەکردنی کۆماریش ئەو پەیوەندییە بە تەواوەتی کۆتاییهات و سەرانی کوردیش کەوتنە خۆیان بۆ شۆرش و ڕاپەڕین. (ئەرسەلان، ١٩٩٠: ٤١) پەیڕەوی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد وای لە ئیحسان نوری کرد کە دڵنیابێت شۆرش و تێکۆشانی چەکداری دژی دەسەڵاتدارانی تورکیا پێویستییە و ناکرێ خۆی لێ لابدات، (الزيباري، ١٩٩٨: ٧٤)

کۆمەڵەی ئازادی ماوەیەکی درێژ بوو هەوڵەکانی چڕکردبۆوە بۆ سەرهەڵدانێکی ڕێ وپێک و سەرتاسەری دژی تورکەکان، بە درێژاییی ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٤ هەوڵەکانیان بۆ ئەم کارە تەرخان کردبوو، توانیبوویان پەیوەندی لەگەڵ زۆرێک لە سەرۆکهۆز و سەرکردە سەربازییەکانی کورد لە سوپا ببەستن. کۆمەڵێک هۆکار پاڵی بە سەرکردەکانی کورد لەم کۆمەڵەیەوە نا بۆ ئەوەی دەست بەم بزاڤە بکرێت، لە هەموویان گرینگتر بەدیارکەوتنی ڕووی ڕاستیی سەرکردەکانی کۆماری تورکیا بوو بەرانبەر ئەو بەڵێنانەی بە کوردیاندا بوو، سەرەڕای ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە کوردییەکان لە ناوچەکانی خۆیان.

(نێروەی، ٢٠٢: ٣٢٢) ئەمە و سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٤ تورکیا مەرسومێکی دەرکرد کە تەنها زمانی تورکی لە مامەڵە فەرمی و قوتابخانەکان کاری پێدەکرا. (فتح الله، ٢٠١٢: ٢٩٢، بەتلیسپ، ١٩٩٣: ١٢-١٤) ئەمەش بووە هۆی چەسپاندنی سیاسەتی پەرتکردن و بەتورککردن لە لایەن مستەفا کەمالەوە. (احمد، دون سنة طبع، ١٩)

لە هەڵبژاردنەکانی هاوینی ١٩٢٣ی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکی ڕێگە بە کوردەکان نەدرا نوێنەریان هەبێت، ئەوکات ئیحسان نوری یەکێک بوو لە نوێنەرانی شاری بەدلیس و لە ماوەکانی پێشووتریش ئەم شارە نوێنەریان هەبووە کە یوسف زیا بەگ بوو، بەڵام مستەفا کەمال ڕەتیکردەوە کەوا نوێنەری کورد لەم هەڵبژاردنەدا بوونیان هەبێت، ئەگەر هەشبووبێت ئەوە لایەنگری خۆی بوون٧. ئەمە و چەندان هۆکاری تر یارمەتیدەربوون بۆ ئەوەی هانی سەرانی بزاڤی بیت الشباب بدات کە دەست بەم بزاڤە بکەن. (بەتلیسی، ١٩٩٣: ٢١-٢٢)

دوای ئەوەی سەرانی کۆمەڵەکە بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکیان لە ساڵی ١٩٢٤ لە شاری ئەرزەڕۆم دا، یەکێک لە بڕیارەکان داواکردنی هاوکاریکردن بوو لە فەرەنسییەکان و بەریتانییەکان، (کریم، 2013: ١٨٠) هەر لەو کۆنگرەیە بڕیاردرا کە یوسف زیا بەگ یارمەتیدەری خالد بەگ بێت بۆئەوەی هۆزە کوردییەکان تەیار و ئامادە بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییان کرد بە هەریەک لە شێخ محمودی حەفید لە سلێمانی و لە کوردستانی ئێرانیشەوە سمکۆی شکاک. ئەم پەیوەندیکردنە لە دواتر ڕێگە بۆ ئیحسان نوری خۆش دەکات لەکاتی ئاوارەبوونی بۆ ئێران پەیوەندی بە سمکۆوە بکات. (محمد، ٢٠١٨: ٧٥، محمودزادە، ٢٠١٣: ٢٩) دواتریش یوسف زیا بەگ لە هاوینی ١٩٢٤ چووە ئەستەمبۆڵ و چەند دیدار و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و سەرکردەکانی (پارتی تەرەقی کۆماری)٨ ئەنجامدا، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە پاڵپشتیی

خۆیان بۆ ئەم بزاڤە کوردییە ڕاگەیاند. (نێرووەی، ٢٠٠٢: ٣٢٢) لەم ماوەیەدا هەریەک لە ئیحسان نوری و هاوڕێکانی لەگەڵ ئەفسەرانی تر لە فرقەی ٢ لە لایەن تورکیاوە نێردرابوون بۆ ناوچەی هەکاری بە مەبەستی سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ئەرمەنەکان و بەهێزکردنی سوپای تورکی لە ناوچەکە، ئەمەش وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەک دژی هەڵوێستە سیاسییەکانی بەریتانیا لەسەر ویلایەتی موسڵ، دواتر دەرگای لە بەردەم ئیحسان نوری کردەوە و دەستی بە بزاڤێکی سەربازی لە بیت الشباب دژی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ناوچەکە کرد. (بوتانی، ٢٠٠٩: ١٧، عبدالله، ٢٠٢٠: ٥٥٣) لە هەمان کاتدا باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئەستەمبوڵ ئاگاداری جموجۆڵەکانی بزاڤەکە بە گشتی و ئیحسان نوری بە تایبەتی بووە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی ژمارە ٩٣ لە ڕێکەوتی ٢٥ شوباتی ١٩٢٥ کە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی پاریس نێردراوە، تیایدا باس لەوە دەکات ئەم بزاڤە لە مانگی ئەیلولی ١٩٢٤ ئامادەکاری بۆ کراوە. (عبدالله، ٢٠١٣: ٦٣-٦٤)

لەلای خۆیەوە ئیحسان نوری و هاوڕێکانی لە لقی سێرتی کۆمەڵەی ئازادی بەپێی ئەو فرمانەی لە لایەن سەرۆکایەتیی گشتی کۆمەڵەوە بەدەستیانگەیشتبوو، دەستیان کرد بە دامەزراندنی دەستەیەکی سەربازی و داواشیان لە هۆزەکان کرد هاوکارییان بکەن. (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٢٠٣) دوابەدوای خۆئامادەکردنی ئیحسان نوری و گشت ڕێکخستنەکان لە ناوچە جیاجیاکان و هەوڵەکانی یوسف زیا بەگ لە ئەستەمبوڵ بزاڤەکە بە بروسکەیەک دەستی پێکرد، ئەمەش دوای ئەوەی یوسف زیا بەگ کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتیی لیژنەی ناوەندی کۆمەڵەی ئازادی بوو، تەلەگرافێکی بۆ علی ڕەزای برای کە ملازمی یەکەم بوو لە سوپای حەوتی فرقەی پیادەی ١٨ ناردبوو، (سلوپی، ١٩٨٧: ١٠٤) لەکاتی گەیشتنی نامەکە بەدەست ئەفسەرانی فرقەی ١٨ کە پێکهاتبوون لە ئیحسان نوری و هاوڕێیانی، کە ئەوکات لە بیت الشباب بوون، بە یارمەتی هەندێک لە

هۆزەکانی ناوچەکە و چەند پارچە چەکێک (البوتاني، ٢٠٠١: ٦٦٣-٦٦٥، هاوار، ٢٠٠٦: ٢٧٤) ڕوویان لە چیاکانی ناوچەکە کرد و شەوی ٤/٣/ ئەیلولی ١٩٢٤ لەگەڵ ژمارەیەک لە سەربازانی ئەم فرقەیە کە ژمارەیان لە نیوەی سەربازانی فرقەکە زیاتر بوو، یاخیبوونی بەیت الشبابیان[٩] ڕێکخست. (بوتانی، ٢٠٠٩: ١٣، نێروەی، ٢٠٢٠: ٣٢٣) بەڵام بزاڤەکە لە ماوەیەکی کەم تووشی شکستبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی یارمەتییەکان نەگەیشتن و تەنانەت ئەو هۆزانەی بەڵێنی هاوکارییان بە ئیحسان نوری دابوو پاشگەزبوونەوە، ئەمە و سەرەڕای ئەوەی بزاڤەکە لە کوردستان سەدایەکی وای نەبوو، بۆیە بە ناچاری چیاکانی ناوچەکەیان بەجێهێشت. (جمیل پاشا، ٢٠٠٧: ٩٧) لە لایەکی تریش وابەدیاردەکەوێت کە ناوەندی فەرمیی کۆمەڵەکە لە ئەرزەرۆم ئاگاداری ئەم بزاڤە نەبووبن، بۆیە دوای چەند ڕۆژێک لە ئەنجامی هێرشەکانی فرقەی ٢ی تورکی بۆ سەر شۆرشگێران، ئیحسان نوری و سەربازەکانی تووشی شکستبوون، لە ئەنجامدا بەرەو سنورەکانی عێراق چوون و لەم وڵاتە بوون بە پەنابەر، لەو کاتیشدا بەریتانیا و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ ناکۆکییان هەبوو. بۆیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ڕێگە بە ئیحسان نوری و هاوڕێیانیدرا لەم وڵاتەدا نشتەجێببن (بوتانی، ٢٠٠٩: ٢٤، نێروەی، ٢٠٢٠: ٣٢٣) ئەمەش لەوە سەرچاوەیگرت کە ئەوکات ئیحسان نوری و ٥٠٠ سەرباز داوای پەنابەرییان لە بەریتانیا کرد. لە عێراق (البوتانی، ٢٠٠١: ٦٦٤) بە تایبەتیش دوای ئەوەی چووبوونە سوریا و لە دواتریش لە ڕێگەی سنجار بۆ موسڵ هاتبوون بۆ بەغدا، بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵاتدارانی بەریتانی ڕازیبوون لەسەر ڕێگەپێدان و بەخشینی مافی پەنابەریەتی بە ئیحسان نوری و هاوڕێیانی و مامەڵەیەکی باشیشیان لەگەڵ کردن و ڕێگەیان پێدرا پلە سەربازییەکانیان بەکاربهێنن بۆ خزمەتکردن لە ناو سوپای عێراقی. (زیباری، ١٩٩٨: ٧٧)

لەدوای ڕاکردنی ئیحسان نوری و هاوڕێکانی بۆ عێراق، دەسەڵاتدارانی تورکیا نەک هەر ئەم بزاڤەیان سەرکوتکرد، بەڵکو بەدوای هەموو ئەو کەسانەشەوە بوون کە بەشداربوون لە بزاڤەکە هاوشێوەی (یوسف زیا بەگ و خالید بەگی جبرانلی)[10] لە ماوەیەکی کەم دەستبەسەرکران و دران بە دادگا و دواتریش لەسێدارەدران(فتح الله، ٢٠١٢: ٢٩٠) ئیحسان نوری و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ئازادی کە ئەم بزاڤەیان ڕێکخست. بوونە جێگەی گرینگپێدانی بەریتانییەکان ئەمەش لە بەڵگەنامەکانیان بەدیاردەکەوێت، کە سەرسام بوون بە سەرکردایەتی و ڕێکخستنی بزاڤەکە، چونکە ئیحسان نوری و هاوڕێیانی توانیان لە ماوەیەکی کەم نیوەی فەیلەقی سوپای دوو ئامادە و تەیاربکەن. ئەمەش نیشانی لێ هاتوویی و متمانەکردنە بە ئیحسان نوری وەکو سەرکردەیەکی سەربازی، (بوتانی، ٢٠٠٩: ٢٩) ڕۆشنایی زیاتریش لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دەبیندرێت دەربارەی سەرانی بزاڤی بیت الشباب، لە نموونەی ئیحسان نوری (نەقیب) و علی زەکی و ئیسماعیل حەقی ئەفەندی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە بەریتانییەکان لە تواناکانی ئەم سەرکردانەی کۆڵیوەتەوە و هەوڵیانداوە بۆلای خۆیان پەلکێشیان بکەن، (بوتانی، ٢٠٠٩: ١٣) و بەکارهێنانیان لە یەکە سەربازییە عێراقیە نوێییەکان لە کەرکوک، بۆ ئەم مەبەستەش بەریتانیا دەیان ویست ئیحسان نوری و هاوڕێیانی بۆ مەرام و ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی تورکەکان بەکاربهێنن، (زیباری، ١٩٩٨: ٧٧) ئەمەش لە کاتێکدا بوو ئینگلیزەکان لە ڕێگەی (صدیق قادری) داوا لە ئیحسان نوری و هاوڕێیانی دەکەن ببەنە فەرماندە و ئەفسەر لە بەتالیۆنی چوار، بەڵام ئەم داواکارییە لە لایەن ئیحسان نوری ڕەتدەکرێتەوە و دەڵێت: (ناتوانم بێمە ناو سوپای ئینگلیزەوە، چونکە لە پێناو ئازادیی کوردستاندا کاردەکەم) (محمودزادە، ٢٠١٣: ٢٩، بەتلیسی، ١٩٩٣: ٥)

ئاوارەبوونی ئیحسان نوری وای لە دەسەڵاتدارنی تورکیا کرد کە چەندین تۆمەتی بدرێتە پاڵ و بە جاسوسی خۆیان بیخەنە تەلەوە، ئەمەش بەپێی نامەکانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا کە گەیشتبوو بە دەستی ئینگلیزەکان، بە ژمارە (ئاسمانی ٤٣٦/ ٢٣) زۆر نهێنی (قاف) ئەم نامەیە باس لەوە دەکات ئیحسان نوری یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا و بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئینگلیزەکان هاتۆتە ناوچەکە. لە نامەیەکی تردا کەوا لەلایەن (ج. م. دیاربکر) لە ڕێکەوتی (١٩٢٥/١/٥) بە شێوەی نهێنی بۆ ئیحسان نوری نێردراوە ئاماژە بەوە دەکات (ج. م. دیاربکر) یەکێک بێت لە هاوڕێ نزیکەکانی ئیحسان نوری و چەند جارێک نامەگۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبووە، نامەکە بە چەند وشەیەک ئاماژە بە ئیحسان نوری دەکات و دوای تەواوبوونی ئەرکەکەی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی. ئەم نامانە بە شێوەی هێما نووسرابوون بەڵام بەریتانییەکان توانی بوویان بیخوێننەوە. (ئۆلسن، ١٩٩٩: ٢٧٧-٢٨١) هەروەک ڕۆبەرت ئۆلسن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ ئیحسان نوری لەبەر سێ هۆکاری سەرەکی بوونە. لەوانە:- تورکەکان بۆیە ئەم نامانەیان بەم شێوەیە نووسیوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئیحسان نوری دەستبەسەربکرێت و ببێتە جێگەی گومانی ئینگلیزەکان.

- ئەو نامانە بە شێوەی ڕەمز نووسرابوون بۆ ئەوەی ئیحسان نوری ببێتە جێگەی سەرنجی ئینگلیزەکان و بەدەستی ئەوان سزا بدرێت. چونکە لەوکات ئیحسان نوری لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بووە.

- ناردنی ئەم نامانە هاوکات بووە لەگەڵ دادگاییکردنی سەرانی بزاڤی بەیت الشباب، ئیحسان نوریش یەکێک بووە لە سەرانی بزاڤەکە. لە هەمان کاتدا تورکەکان دەستیان بە ئیحسان نوری ڕانەدەگەیشت، بۆ ئەوەی سزای بدەن. (ئۆلسن، ١٩٩٩: ٧٩)

دوای مانەوەی مانگێک ئیحسان نوری و هاوڕێکانی لە ١٠/٢٤/ ١٩٢٤، (ئۆلسن، ١٩٩٩: ٢٧٥) خاکی عێراقیان بەرەو وڵاتی ئێران بەجێهێشت ئەمەش دوای ئەوەی بەریتانییەکان ڕێگەیان بە ئیحسان نوری و هاوڕێ ئەفسەرە کوردەکاندا بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن، بە ئومێدی ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە بۆ باکووری کوردستان و بەرەیەکی سەربازیی نوێ دژی تورکیا بکاتەوە. (زیباری، ١٩٩٨: ٧٥)

لێرەدا بۆمان دیاردەبێت ئیحسان نوری و هاوڕێیانی بەشداربووی بزاڤی بەیت الشباب، بوونەتە جێگەی گرنگیپێدانی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، چونکە لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان بە دیاردەکەوێت کەوا بەبایەخەوە ڕوانیویانەتە سەرکردایەتی بزاڤەکە. ئەمەش گرینگیەکی تایبەت بە پێگەی ئیحسان نوری دەدات لە داهاتودا بە تایبەتیش لەکاتی هەڵگیرسانی شۆرشی ئارارات، چونکە بەهۆی ئەوپێگە سەربازییەی هەیبوو توانی ژمارەیەکی زۆر لە کورد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەمە و سەرەڕای ئەوەی لەلایەن کۆمەڵەی خۆیبوونیش بووە جێگەی متمانە.

**دووەم/ هەڵوێستی بەرانبەر سەرهەڵدانی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، ئاوارەبوونی.**

ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادیی جڤاتا خۆسەریا کورد، سەرکەوتوونەبوون لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی تورکیا لە بیت الشباب، سەرەڕای ئەوەی چەندین ئەندامیشیان لە لایەن تورکیاوە دەستبەسەرکران، بە تایبەتیش لەو کاتەی ئەم کۆمەڵەیە چالاکییەکانی ئاشکرابوون، لە هەمان کاتدا تورکەکان سیاسەتێکی نوێیان بەرانبەر سەرانی ئەم کۆمەڵەیە پیادەکرد، ئەویش ئازادکردنی هەندێک لە ئەندامانیان بوو، بۆ ئەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان سەرکردەکانی بزاڤەکە و ئەندامانی سەربەم کۆمەڵەیە لە لایەک و سەرۆک هۆزەکان و عەشیرەتەکان لە لایەکی تر دروستبێت، چونکە تا ئەوکات هەریەک لە

خالد بەگ جبرانلی و یوسف زیا بەگ لە بەندیخانەی بەدلیس دەستبەسەربوون ئیحسان نوریش ڕایکردبوو. (کریم، ٢٠١٣: ١٨٢, ئۆلسن، ١٩٩٩: ١٥٣)

دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ئازادی و دەستبەسەرکردنی سەرۆکی کۆمەڵەکە بڕیاردرا کەوا سەرکردایەتی ئەم کۆمەڵەیە بدرێتە دەست کەسێکی بە توانا بۆ ئەوەی مافەکانی کورد لە تورکیا بەدەستبهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش شێخ سەعید دەستنیشانکرا. لەلای خۆشیەوە ناوبراو بڕیاریدا دووبارە دەست بە سەرهەڵدان بکاتەوە (بیات,٢٠٠٩: ٢٧، حسرەتیان، ٢٠٠٦: ١٣) بەڵام ئەم سەرهەڵدانە پێش وادەی خۆی بەدوو هەفتە سەریهەڵدا ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە شێخ سەعید لەناو هۆزەکانی زازا خەریکی کۆکردنەوەی سەربازبوو. (خواجە، ٢٠١٦: ٣٣٨) لەو کاتەدا دەمەقاڵێ لە نێوان چەند ئەفسەریکی تورک و هەندێک لە پیاوەکانی شێخ دروستدەبێ و لە ئەنجامدا چەند سەربازێکی تورک دەکوژرێن ئەمەش وا لە شێخ دەکات بەرەو ناوچەی داراهینی بچێت، چونکە شێخ دەیزانی هێشتا کوردەکان ئامادەنین بۆ ئەم سەرهەڵدانە، لەهەمان کاتدا ناوچەی داراهینی شوێنێکی لەبار بوو بۆ خۆئامادەکردن. (حمید، ٢٠٠٩: ١٢٢برۆنەسن، ٢٠٠٣: ٢٩٤) لێرەوە شێخ سەعید لەژێر فەرماندە و دەسەڵاتداری خزم و کەسی خۆیدا هێزێکی زۆر گەورەی دروستکرد و فەرمانی هێرشکردنی دەرکرد لە چەند زنجیرە شەڕێک سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام بەهۆی خیانەتی چەند سەرۆک هۆزێک نەیتوانی بەردەوامی بەم سەرهەڵدانە بدات و دیاربەکر بە یەکجاری ڕزگار بکات. (خواجە، ٢٠١٦: ٣٣٧-٣٣٨) کۆمەڵێک هۆکاری وەک (سیاسی، ئاینی، ئابووری) بوونە هۆی بەرپابوونی ئەم سەرهەڵدانە. (البەتاني- البازي، ١٩٩٩: ١٢٠-١٢١) بە تایبەتیش هۆکاری دووەمیان، چونکە

بەپێی یەکێک لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسا سەرهەڵدانەکە بریتییە لە سەرهەڵدانێکی کۆنەپەرستانەی جیاخواز هەڕەشەی ئەوەدەکات هەموو خێڵە کوردییەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بگرێتەوە، شێخ سەعیدیش لەلایەن مامۆستایانی ئایینییەوە پشتوانی لێ دەکرێت و بانگی جیهادی دژی حکومەتی ئەنقەرا ڕاگەیاندووە. (عبدالله، ٢٠١٣: ٦٩-٧٠) ئەم سەرهەڵدانەش لە ماوەیەکی زۆرکەمدا بەهۆی خیانەتی هەندێک لە سەرۆک هۆزەکان و دەستپێکردنی سەرهەڵدانەکە بەرلەوادەی خۆی، دامرکایەوە (خواجە، ٢٠١٦: ٣٣٩)

ئەوەی تایبەتە بە هەڵوێستی ئیحسان نوری دەربارەی ئەم سەرهەڵدانە، ئەوا سەرچاوەکان بە چەندین شێواز باسیان لێوە کردووە، هەندێکیان دەڵێن ئیحسان نوری لەکاتی سەرهەڵدانەکە لە دەرەوەی سنووری تورکیا بووە و هەوڵیداوە لەگەڵ هێزە میللییەکانی ئەوکات بگات بە سەرهەڵدانەکە. بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرهەڵدانەکە بە خێرایی لەناوبراوە بە ناچاری پاشەکشێی کردوەتەوە بۆ کوردستانی عێراق، (الزیباری، ١٩٩٨: ٧٥) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیحسان نوری بە یەکێک لە ئەفسەرە بەشداربووەکانی ئەم سەرهەڵدانە دادەنێن و ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەبووە. (سەنگاوی، ٢٠١٤: ٢٦٠، ئۆلسن، ٢٠٢٠: ٥٩)

زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن لەکاتی سەرهەڵدانەکەی باکووری کوردستان بە ڕابەرایەتیی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥، ئیحسان نوری و هاوڕێکانی چوونەتە پاڵ هۆزە عەشایەرییەکان بە سەرکردایەتی عوسمان بەگ سەرۆکی هۆزی میللی، بە مەبەستی بەشداریکردن لەم سەرهەڵدانە، بەڵام سەرهەڵدانەکە بە خێرایی شکستی خوارد، ئیحسان نوری و هاوڕێکانی بە ناچاری گەڕاونەتەوە ڕواندز و لەلایەن سەید تەهای نەهری پێشوازییان لێکراوە. (ڕۆژبەیانی، ١٩٩٣: ١٥٨) دواتریش ئیحسان نوری لە ڕەواندز لەگەڵ موصلح محمد صدیق نەهری هێزێکی

سەربازی پێکدەهێنن و هێرش دەکەنە سەر ناوچەی نەهری بەڵام لە لایەن سوپای تورکیەوە بەرپەرچیان دەدرێتەوە و پاشەکشە دەکەن، لەو کاتەشدا ئیحسان نوری و ڕاسم بەگی هاوڕێی دەچنە ناو خاکی ئێران ڕاسم بەگ لە لایەن هێزی شکاکەکان دەکوژرێت ئیحسان نوریش خۆی ئەدات بەدەست سەربازەکانی ئێران. (الزیباری، ١٩٩٨:٧٥، ڕۆژبەیانی١٩٨٩: ١٥٨) لەلایەکی تریش ڕحیم شنۆیی ئەوکاتەی لە لای ئیحسان نوری بووە ئەوەی بۆ گێڕاوەتەوە کەوا ئیحسان نوری دوای ئاوارەبوونی بۆ ئێران هاتۆتە شنۆیێ لەوێ دەستگیرکراوە و براوەتە فەرماندەی سنووری سوپای ئێران. دوای لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵی ئیحسان نوری خۆی وەک کوردێکی عەشایەر نیشاندەدات و ئازاددەکرێت. (محمودزادە، ٢٠١٣: ١١٠) لە دواتر ئیحسان نوری دەیەوێت پەیوەندی بە سمکۆی شکاکەوە بکات بەڵام لەوکاتدا سمکۆ ئیرانی بەرەو تورکیا بەجێهێشتبوو، بۆیە بە ناچاری خۆی ڕادەستی ئێران دەکات و ئەوانیش ڕەوانەی شاری زەنجانی دەکەن. لە دوای ماوەیەکیش ڕادەکات بەرەو شاری خوی، لەوێوە پەیوەندی بە حسن صدیق حیدەر دەکات. (بەتلیسی، ١٩٩٣: ٦) دوای هەڵگیرسانی شۆڕش لە ئارارات لە ساڵی ١٩٢٦، ئیحسان نوری بەرەو باکووری کوردستان دەکەوێتەڕێ، خۆی دەگەیەنێت بە دانشتوانی هۆزی حیدران، کە پێشتر هەندێک لە پیاوانی هۆزی حەیدەران و حسنان پەیوەندییان پێوە کردبوو. بۆ ئەوەی شەڕ دژی هێزە تورکەکان ئەنجامبدەن، زنجیرەیەک شەڕی پارتیزانییان ئەنجامدا کاتێکیش زانی تورک هێرش دەکاتە سەر ئارارات بڕیاریدا پەیوەندی بە شۆرشگێرانی ئاراراتەوە بکات، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢٦. گەیشتە بنکەی شۆرشگێران لە ناوچەکە. (الزیباری، ١٩٩٨: ٧٥، ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٥٨)

دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئارارات ئیحسان نوری و خێزانەکەی ئاوارەی ئێران دەبن، هیچ منداڵێکیان نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٦ ئیحسان نوری پاشا بەهۆی بەرکەوتنی ماتۆرسکیلێک و مانەوەی چەند ڕۆژێک لە

نەخۆشخانە کۆچی دوای دەکات و لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا لە تاران دەنێژرێت (ڕۆژبەیانی، ١٩٨٩: ١٦٠)

**ئەنجام**

- ئیحسان نوری پاشا لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە کوردستانی باکوور چاوی بە دونیا هەڵێناوە، سەربە هۆزی جوبرانلی کوردییە، نازناوی پاشای لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە هەرچەندە دواتر لەلایەن کۆمەڵەی خۆیبوونەوە نازناوی پاشای بەفەرمی بەسەردا سەپێندرا، ئیحسان نوری پاشا هەر لە منداڵییەوە کەسێکی چالاک و خۆشەویستی خێزانەکەی بووە.

- ئیحسان نوری پاشا جیاواز لە سەرکردەکانی پێش خۆی، پەیام و پیشەکەی نە لە خێڵەکەی و نە لە هیچ سەرچاوەیەکی ئاینی وەرگرتووە، پێش هەموو شتێک ئەفسەرێکی مەشقپێکراوبووە لە سوپای عوسمانی و دواتریش وەکو فەرماندەیەکی سەربازی زۆربەی ژیانی لە بەرەکانی جەنگدا بەسەربردووە، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە جەنگی ڕزگاری و سەربەخۆیی تورک شانبەشانی مستەفا کەمال، چەند جارێکیش بە سەختی بریندار‌بووە.

- ئیحسان نوری پاشا بەو شارەزایی و لێهاتوییەی کەوا هەیبووە لە ڕووی سیاسی و سەربازی توانیویەتی ببێتە ئەندامی زۆرێک لەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی کورد کە دادەمەزران و ڕۆڵی کاریگەری تێیاندا بنیوە بە نموونەی کۆمەڵەی تەعالی و ئازادی. بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا لێی بەگومان و ترساون.

- له ئەنجامی هەوڵدان و تێکۆشانی بەردەوامی ئیحسان نوری پاشا، توانی بزاڤێک لە ناوچەی بیت الشباب هەڵگیرسێنێت و هەرچەندە تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام توانی زیانێکی زۆری مەعنەوی بە تورکەکان بگەیەنێت. ئەمەش لە دەرەنجامی گۆڕینی سیاسەتی کەمالییەکان بوو بەرانبەر بە کورد، هەموو تەمەنی لە پێناوی هەوڵدان و تێکۆشان بۆ ئازادی کوردستان بەسەربرد.

- ئیحسان نوری هەوڵیداوە بەشداری لە سەرهەڵدانی شێخ سعیدی پیران بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ هۆزە میللییەکانی ناوچەکە هەماهەنگی هەبووە، بەڵام بەرلەوەی بگات، سەرهەڵدانەکە هەرەسیهێنابوو

- ئیحسان نوری پاشا بەهۆی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد ئاوارەی ناو خاکی ئێران دەبێت و بۆ ماوەی ٤٦ ساڵ لە ئاوارەیی ژیان بەسەردەبات.

## پەراوێز

١- گولی- قولی، بە مانای کۆیلە یان عبد دێت، ناوێکی کۆتاییە لە ناو کورداندا بە مەلا گەلی ناسراون. (محمود زادە، ٢٠١٣: ٢٠، www. Bitlisnama. com)

٢- ستیوانی دووەم= پلەیەکی سەربازی.

٣- مەرزیکان/ مەرزیفون (بیضون) مەڵبەندی قەزایەکە لە قەزاکانی سەنجەقی ئەماسیەی سەر بە ویلایەتی سیواس، لە سامسۆنەوە ٣٧ کم و لە ئەماسیەشەوە ١٠٥ کم دوورە. (دەباغ: ٢٠٠٤، ١٦٨).

٤- **کەمالەدین سامی،** بالیۆزی تورکیا بووە لە بەرلین بە کەمالە شلیش بەناوبانگ بوو چونکە لە شەڕی بەلقان بریندار ببوو، لە نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠ فەرماندەی فرقەی ٩ بوو لە قەفقاس، نوێنەری مستەفا کەمال بوو لە ئەستەمبۆڵ، لەکاتی ڕوخانی حکومەتەکەی فەرید پاشا دەبێتە فەرماندی سوپا بە تایبەتیش دوای ئەوە ئیحسان نوری پاشا خۆی دوورخستەوە لە بەشداری ڕاپەڕینی شۆرشگێرانی تورک، لەبەرئەوە کمالەدین پاشا پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئیحسان نوری پاشا هەبوو، دەسەڵاتدارانی تورکیا کردیان بە لێپرسراوی ناوچەکە بۆ لەناوبردنی شۆرشەکەی، (هاوار: ٢٠٠٦ ,١٥٨، پاشا: ١٩٨٥، ٥٣، ڕۆهات ئەلاکۆم، پ١٧٦، ٥٢-٥٣).

٤- گۆڤاری ژین، ئۆرگانی فەرمی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بوو، لە (١٩١٨/١١/١٧)یەکەم ژمارەی خۆی دەرکرد، دواین ژمارەشی کە (٢٥) بوو لە (١٩١٩/١٠/٢) بڵاوکراوەتەوە.

٦- کۆمەڵەی کوردان مەبەست کۆمەڵەی تەعالییە (گیسارۆڤ، ٢٠٠١: ٢٦-٢٧)

٧- یەشارخانم لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوەدەکات کاتێک تورکیا سەرقاڵی هەڵبژاردنەکان بوو، بە مەبەستی دیاریکردنی نوێنەر بۆ ئەنجومەنی میللی، هاوکارانی ئیحسان نوری ویستیان ئەو بە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئیحسان نوری کتێبێکی بە ناوی تۆڵە نووسیوە و باسی گرتنەوەی شاری بەدلیس دەکات، دەسەڵاتدارانی تورکیا نیگەران دەبن و دەکەونە گومان لێی، بۆیە مستەفا کەمال ئەتاتورک فرمان دەکات ئیحسان نوری لە ناوەندی فەرماندەی ٢ دووربخرێتەوە و بکرێت بە پشکێنەری چەک و فەرماندەی تەعلیمخانە (ناوەندی ڕاهێنان)، (نوری، ٢٠١٣: ٦٥)

٨- **پارتی تەرەقی کۆماری،** ئەم پارتە لە ١٧ تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ دامەزرا، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە، ئەمەش لەوکاتەدا بوو کە هەندێک لە هاوڕێیانی مستەفا کەمال هێڵێکی سیاسی دژی ڕاگەیان، لەکاتێکدا کەوا مستەفا کەمال ئەتاتورک تاک لایەنانە بڕیاریدەدا، لەوانەش،

ڕەئوف بەگ، کازم قەرە بکر، ڕەفعەت پاشا، بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: بەیار مستەفا سەیفەدین: ٢٠١٠، ٢٨٩).

٩- **بیت ولشەبار،** قەزایەکە سەربە لیوای هاکاریە ئەویش سەربە ویلایەتی وانە لە ٧ ناحیە و ٤٧ گوند پێکهاتووە، ٤٠کم لە پارێزگای دیاربەکرەوە دوورە، (باجلوری، ٢٠٠٧: ٤٨). (دەباغ، ٢٠٠٤: ٣٨)

١٠- (یوسف زیا بەگ و خالید بەگی جبرانلی)هەردووکیان پێشووتر لە سوپای عوسمانی کاریانکردووە و پلەی سەربازیی بەرزیان هەبووە، بەشداربوون لە بزاڤی بەیت ولشەباب، بەڵام دواتر بە هۆی سەرنەگرتنی بزاڤەکە دەستگیر دەکرێن و دواتریش لەسێدارەدەدرێن، (هەورامی، ٢٠٠٦: ٣٦٢-٣٦٣)

**لیستی سەرچاوەکان**

## سەرچاوە کوردییەکان


- ڕۆهات ئەلاکۆم، (٢٠٠٥)، کوردەکانی ئەستەمبۆڵی کۆن ١٤٥٣-١٩٢٥، و: ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر.

- ئومێد ئاشنا، (٢٠٠٣)، ئیسماعیل حەقی شاوەیس ژیان وبەرهەمەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر.

- ڕۆبەرت ئۆلسن، (١٩٩٩)، ڕاپەرینی شێخ سعیدی پیران، و: ئەبوبکر خۆشناو، چاپخانەی سەردەم، بێ نۆرەی چاپ، سلێمانی.

- ڕۆبەرت ئۆلسن،(٢٠٢٠)، مەسەلەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئیران وتورکیا، و: ڕێبوارکەریم وەلی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ١، هەولێر.

- ئیحسان نوری بەتلیسی، (١٩٩٣)، شۆرشی نەتەوەی کورد لە تورکیا هۆی بایەخی سوپای وچۆنیەتی لەشکرکێشی وبەڕێوەبردنی، و: ملا جمیل ڕۆژبەیانی، بەغداد.

- مارتن فان برۆنەسن، (٢٠٠٣)، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ علی، بەرگی٢، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

- موصدق تۆڤی،(٢٠١٧)، سالێن پەنابەریێ ژ ژیانا ئیحسان نوری پاشا، چ٢، بێ شوێنی چاپ.

- قەدری جمیل پاشا،(٢٠٠٧)، دۆزی کوردستان بیرەوەرییەکانی شەست ساڵەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لەدیلیەتی، و: فەیزولا برایم خان-بارزان وەهاب، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی بیر، چ٣، دیاربکر.

- ڕفیق حلمی،(٢٠٢٠)، یاداشت کوردستانی عێراق وشۆرشەکانی شێخ محمود، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی کوردستان، چ١، بێ شوێنی چاپ.

- م. أ.حەسرەتیان،(٢٠٠٦)، ڕاپەرینی کوردان ١٩٢٥، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ٢، هەولێر.

- احمد خواجە،(٢٠١٦)، چیم دی، چاپخانەی شڤان، بەرگی ١-٤، چ٣، بێ شوێنی چاپ.

- فەیسەل دەباغ،(٢٠٠٤)، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، چ٢، بێ شوێنی چاپ.

- نوری دەرسیمی،(٢٠٠١)، دەرسیم لە مێژووی کوردستان، و: ئەحمەد فەتاح دزەی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر،

- خالد دۆستی،(٢٠١١)، چاکسازییەکانی سەعید نورسی وهەلوێستەکانی بەرانبەر دەسەلاتدارانی تورکیا، (چاپخانەی نارین، بێ شوێنی چاپ.

- بەیار مستەفا سەیفەدین،(٢٠١٠)، سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر تورکیاو کاریگەری لەسەر کوردستان ١٩٢٣-١٩٢٦، و: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر.

یاسین سەردەشتی،(٢٠٠٧)، چەندلاپەرەیەک لەمێژوی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، ب١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

- نەجم سەنگاوی،(٢٠١٤)، کوردستان وسەرکردەو ڕاپەرین و شۆرشەکانی لە ١١٦٩-١٩٩٤، چ١، بێ شوێنی چاپ.

- بلەج شێرکۆ،(١٩٩١)، کێشەی کورد مێژینەو ئێستای کورد، و: محمد حمە باقی، چ٣، بێ شوێنی چاپ.

- عبدالقادر شکاک،(٢٠١٣)، بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان سالآنی ١٩٠٥-١٩٣٠، چاپخانەی کمال، چ١، سلێمانی.

- عبدالله عەلیاوەی،(٢٠٠٤)، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەراستی سەدەی نۆزدە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، چاپخانەی ئاودێر، چ٢، هەولێر.

- نەجاتی عبدالله،(٢٠٠٨)، وەرگێران لە فەرەنسی، کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨-١٩٣٣، لەبەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسا، بەرگی١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- موسا عەنتەر،(٢٠٢١)، بیرەوەرییەکانم، و: محەمەد عزەدین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی فام، چ١، بێ شوێنی چاپ.

- دڵشاد محمود عبدالرحمن،(٢٠٠٤)، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ١٨٩٤-١٩٧٦، (چاپحانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- دیدار عوسمان،(بێ سالی چاپ). ڕۆلی کورد لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چ١، هەولێر.

- ئیساعیل گوێڵداش،(٢٠١١) جەمعیەتی تەعالی کوردستان، و: زریان ڕۆژهەلاتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- م، أ گیسارۆڤ،(٢٠٠١)، مەسەلەی کورد لە تورکیا لەسەرەتای بزوتنەوەی بنەمالەکانەوە هەتا کۆنگرەی لۆزان، و: جەلال تەقی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ١، سلێمانی.

- مایکل کونتەر،(٢٠٠٩)، فەرهەنگی مێژووی کورد، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

-کەمال مەزهەر ئەحمد، کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهانیدا، (چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥)

-کاوە بەیات،(٢٠٠٩)، شۆرشا کوردێن تورکیاو کاریگەریا وی ل سەر پەیوەندێن دەرڤەیێن ئیرانی ١٩٢٨-١٩٣٢، و: موصدق تۆڤی، چاپخانا زانکۆیا دهۆک، چ١، دهۆک.

- ڕحیم شنۆی محمود زادە،(٢٠١٣)، ئیحسان نوری پاشاو چەند بابەتێکی دی، و: شێرکۆ محمد حوێز، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- ڕێبین سعید ملا،(٢٠١٦)، سەید تەهای نەهری ١٨٩٢-١٩٣٩، ڕۆلی سیاسی و کارگێری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ١، بێ ساڵی چاپ.

- کەمال مەزهەر،(٢٠٠٩)، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا، ب١، چاپخانەی گرین گۆری، چ٢، لوبنان.

- مالمیسانژ،(٢٠٠٧)، پێگەی کمال فەوزی بەدلیسی لە ڕێکخراوەکانی کورد، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

مالمیسانژ،(٢٠٠٨)، جڤاتا هێڤی تەلەبەی کوردان ١٩١٢-١٩٢٢، و: زریان ڕۆژهەلاتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

-نەجاتی عبداللە،(٢٠١٣)، وەرگێران و ئامادەکردن، شۆرشی شێخ سعیدی پیران ١٩٢٥ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرەنسادا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- عبدالعزیز سلیمان نورار- عبدالمجید نەعنەعی،(٢٠١٢)، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا لەشۆرشی فەرەنسیەوە تاجەنگی دووەمی جیهانی، و: خالید هەرکی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چ٣، هەولێر.

- ئحسان نوری پاشا،(٢٠٠١)، یاداشتەکانی ئیحسان نوری پاشا، و: وریا قانع، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر.

- یەشار ئیحسان نوری،(٢٠١٣) وەفاداری، و: ڕحیم محمدی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- گوینتەر دیشنەر،(٢٠٠٤) کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدرلێکراو، و: حەمەکریم عارف، چ١، هەولێر.

- علی تەتەر نێروەی،(٢٠٠٢)، بزاڤا سیاسی لەکوردستانی١٩٠٨-١٩٢٧، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر. - ئەفراسیاو هەورامی،(٢٠٠٦)، وەرگێران لە ڕوسی، کورد لە ئەرشیفی ڕوسیاو سۆڤیەت، (چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر.

- محمد ڕسول هاوار،(٢٠٠٦)، کوردو باکووری کوردستان لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە هەتاکو دوای شۆرشی شێخ سعیدی پیران، ب١، ناوەندی چاپمەنی وراگەیاندنی خال، چ٢، بێ شوێنی چاپ.

- عبدالعزیز یامولکی،(١٩٩٩)، کوردستان وراپەرینەکانی کورد، ئامادەکردنی، صدیق صالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.

## نامەی ماستەر

-عبدالخالد صابر كريم،(٢٠١٣)، بیری نەتەوایەتی لە پەیرەو پرۆگرامەکانی کۆمەلە(جمعية) وحزبە کوردییەکان و کاریگەریان لەجولانەوەی ڕزگاریخوازی نتەوەی کوردیدا ١٩١٩-١٩٤٥، لێکۆلینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، (نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

## گۆڤار بەزمانی کوردی

- ئیحسان نوری،(١٩١٩)، ویلسن پرنسیسی وکورد لر، گۆڤاری ژین ژمارە ١٥، ئەستەمبۆل.

- حمید بۆز ئەرسەلان،(١٩٩٠)، نەریتگەری یان ناسیۆنالیزم وەلامی کوردان بۆ ڕژێمی کەمالیست" گۆڤاری هێڤی، ژمارە ٧.

- ئیحسان نوری پاشا،(١٩٨٥)، بیرئانینێ ئیحسان نوری پاشا"، گۆڤاری هێڤی، ژمارە ٤، ئەیلولی، پاریس.

- موصدق توڤی،(٢٠١٠)، یەشار خانم هەڤژین و هەڤالا ڕۆژێن دژوار، ڕۆژنامەی وار ژمارە، ١١٥، دهۆک،

- بەختیار مام حمید،(٢٠٠٩)، شۆرش و سەرهەلدانی باکووری ولات ١٩٢٥ بەرابەرایەتی شەهید شێخ سەعیدی پیران، گۆڤاری 41، ژمارە ٥-٦.

- ملاجمیل رۆژبەیانی،(١٩٨٩)، ئیحسان نوری پاشاو شۆرشی کورد لە ئاگریداغ، گۆڤاری ڕۆشنبیری، ژمارە١٢١.

- یاسین سەردەشتی،(٢٠٠٤)، چەند لاپەرەیەک لە ژیانی ئاوارەی هەڵوکەی ئارارات ئیحسان نوری پاشا، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ١٥.

- سەلام ناوخۆش،(١٩٩٨)، شەری سەربەخۆی کەمالییەکان وچارەنوسی خەلافەتی ئیسلامی ودۆزا کوردان، گۆڤاری ڤەژین، ژمارە ١٠.

## سەرچاوەعەرەبییەکان

- فاروق عثمان أباظة،(١٩٨٦) الحكم العثمانى في اليمن ١٨٧٢-١٩١٨، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

- كمال مظهر احمد،(دون سنة طبع)، انتفاظة ١٩٢٥ في كوردستان تركيا، بدون مطبعة، ط١، لبنان-بيروت.

- عبدالفتاع علي يحيى البوتانى،(٢٠٠٨) وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة ١٩٢٤-١٩٢٧، مطبعة خاني- دهوك.

- عبدالفتاح على يحيى البوتاني،(٢٠٠١)، وثائق عن الحركه القومية الكوردية التحريرية، مطبعة وزارة التربية، ط١، اربيل.

- قيس جواد العزاوي،(٢٠١٧)، الدولة العثمانية من الخلافة الى الانقلابات ١٩٠٨-١٩١٣، تر: عاصم عبد ربه، (ط١، القاهرة.

- نيژيار نعمان باجلوري،(٢٠٠٧)، الحركة القومية الكردية التحريرية في كوردستان تركيا ١٩٢٧-١٩٣١، (مطبعة حجي هاشم ط١، اربيل.

- زنار سلوبى،(١٩٨٧)، في سبيل كوردستان، ت: ر. علي، رابيطة كاوه للثقافة الكردية، ط١، بيروت-لبنان.

- عبدالستار طاهر شريف،(١٩٨٩), الجمعيات والمنظمات ولأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨ ط١، بغداد.

- جرجيس فتح الله،(٢٠١٢), يقظة الكرد تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥، دار أراس للطباعة والنشر، ط١، اربيل. - گوران سلام محمد،(٢٠١٨), القظية الكردية في العلاقات التركية-الايرانية ١٩١٨-١٩٣٩، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليماني.

- نجاتى عبدالله،(٢٠٢٠), الامبراطوريات الحدود والقبائيل الكردية، كردستان ونزاع الحدود التركى الايراني ١٨٤٣-١٩٣٢، ت: سعاد محمد خظر، طهران.

- صلاح محمد سليم هروری،(٢٠٠٤), الاسرة البدرخانية نشاطها السياسى والثقافى خلال مدة ١٩٠٠-١٩٥٠، مطبعه وزارة التربيه، ط١، اربيل.

## گۆڤار بەزمانی عەرەبی

- عبدالفتاح على يحيى البوتاني- كاميران بهنان البازي(١٩٩٩), الحركة الكوردية في كوردستان تركيا، ١٩١٨-١٩٢٥" مجلة مەتين صفحة ٨٥ شباط.

- محمد صالح طيب زيباري(١٩٩٨), الجنرال احسان نوري باشا نشاط السياسي والثقافي والحسكري ١٨٩٢-١٩٨٧"، مجلة جامعة دهوك، المجلد١، العدد١، اب.

## پەرتوک بەزمانی فارس

- ک، ب اكويف،(١٣٨٦), كردان گوران ومسالّه كرد در تركيه، ت: سيروس ايزدى، چاپ مؤسسه فرهنگ نشاط، نوبين چاپ١، تاسيتان.

- هاشمی شیرازی،(١٣٨٠)، خاطرات ازفعالان سیاسی کردستان، بکوشش هاشم سلیمی، تهران.

**پێگە ئەلکترۆنییەکان**

www. Bitlisnama. com

**الملخص**

هذا البحث عبارة عن سيرة أحد رؤساء تأريخ الكرد المعاصر ومشاركته في الأحداث والأعمال السياسية في شمال كردستان، وهو (إحسان نوري باشا-١٨٩٢-١٩٧٦) إذ استطاع أن يقوم بنشاطاتٍ عسكرية وسياسية كثيرة في فترة موجزة، ويشارك في تأسيس وعضوية كثير من المجموعات والمنظمات في عصره، وعلى الرغم من استطاعته بقيام حركات عسكرية عدة ، مثلاً: حركة بيت الشباب سنة ١٩٢٤، ومحاولاته في مشاركة ثورة شيخ سعيد ١٩٢٥.

وكان إحسان نوري باشا أحد الضباط الناشطين في الجيش العثماني ثم الجيش الكمالي، وكان الهدف وراء كل هذا تحقيق حقوق الكرد في ظل سلطتهم، ولكن بعد أن عرف أن الدول المهيمنة لم يدافعوا عنه، اضطر إلى إلقاء السلاح وللجوء إلى إيران كنازح سياسي، وبقي هناك حتى وافاه الأجل.

**Abstract**

This study includes the biography and participation a leader from the modern Kurdish history amid the Northern Kurdistan events and developments, His. This leader is Ehsan Nuri Pasha, lived 1892-1976. He shortly has been able to carry out several political and military activities and participate in the establishment many groups and organizations during his era. Despite being able to carry out military activities such as Baitul Shabab in 1924 and participating in Sheikh Saeed's Revolution in 1925, He was one of his active officers serving in the Ottoman army and then the Kamal army. All his efforts were due to the achievement of Kurdish rights, but as far as no powerful country supported him, he left army and went to Iran to become a political refugee there until his death.